# مۆبایلێک بۆ پیر و بەساڵاچووان




مۆبایـــل وەك ئامێرێکی دیجیتالی ســەردەم لە گشــت ئامێرەکانی دیکە گشــتگیرترە، تەنانــەت زۆر لە کاتژمێری دەستیش. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل بۆ هەر چین و توێژێك بۆ گشت تەمەنێك مۆبایلێکی تایبەتیان بەرهەم هێناوە، مۆبایلی جــۆری Stylistic S01 کە بەرهەمی کۆمپانیای فوجیستۆیە، تایبەتە بە تەمەنی پیری و بە ساڵداچوون.

مۆبایلە ژیرۆکەکە 4 ئینجیە و شاشەکەی جۆری WVGA هەیــە و دوگمەکانی ئەو مۆبایلە هۆشــمەندە زۆر گەورەن و پرۆگرامەکانی زۆر ســادەن تەواو بــۆ ئەوانە دەگونجێت کە شــارەزاییەکی ئەوتۆیان لە جیهانی دیجیتالی سەردەم نییە. پێچەوانەی مۆبایلە لەمسییە هۆشمەندەکان دەستبەجێ کامێرا یــان پرۆگرامەکانی ناکرێنەوە، بۆیە دەبێت زەخت لە شاشــە لەمســییەکە بکەی. مۆبایلەکــە دژە تەڕبوونە و هەندێکیش ئەستوورە. کامێراکەی 8 میگاپیکسلە، هەروەها کامێرایەکی 3 میگاپیکسیلیشــی لە پێشــەوە هەیــە. تایبەتمەندییەکی مۆبایلەکە ئەوەیە کە ئەگەر کەوتە خوار، بە داگرتنی دوگمەی پشتەوەی مۆبایلەکە دەتوانیت پەیوەندیی بەو ژمارەیەوە بکەیت کە پێشــتر بۆی داندراوە، ئەویش لەبەر ئەوەی تەمەنی پیری ئەگەری تووش بوون بەنەخۆشــی زۆرترە کە کەوتنەخوارەوە بتوانن بە ئاسانی پەیوەندی بە شوێنی مەبەستەوە بکەن.

# لاپتۆپەکەت دەبێتە لەمسی

ماوەی چەند ساڵێکە تەکنەلۆژیای لەمسی گشتگیر بووە و ئامێرەکانی وەك مۆبایـــل و کامێــرا و تەلەڤزیــۆن و لاپتۆپ بەرەو لەمســی واتە هەستیاربوون بە پەنجەی دەست بەرهەمهاتوون. ویندۆز8 کە سیستەمێکی لەمســییە، بەهۆی لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری ســەرمێزی لەمسی ئاسانتر دەکرێت ســوودی لێوەربگیرێت، بەڵام لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری دیسکتۆپ پێشــووتر لەمســی نەبوونە چ ڕێگا چارەیەك هەیە بۆ ئــەوەی کە ئەوانیش بەشــێوەی لەمسی سوودیان لێوەربگیرێت، کۆمپانیای Targus ڕێگا چارەیەکی بۆ ئەمە دۆزیوەتەوە و قەڵەمێکی بەرهەم هێناوە کە بەهۆیەوە دەکرێت شاشەکان ببن بە لەمسی، پێنووسی Touch pen پێکهاتووە لە پێنووسێکی لەمسی و کێبلێکی USB. کێبڵەکە لە شــوێنی USB لاپتۆپ دەخرێت و ئێستاکە قەڵەمەکە بە هەر بەشــێك لە شاشەکە دابهێنرێت، شاشەکە دەبێتە لەمســی. پێنووسەکە دوگمەیەکی هەیە کە ئەرکی کلیك کردن ئەنجام دەدات. تەنیا یەکجار پێویســتە پێنووسەکە لەگەڵ شاشــەکەتان یەکتر بناســن، دواتر ئۆتۆماتیکی پێنووسەکە شاشــەکە دەناسێتەوە، بەڵام گرفتی قەڵەمەکە ئەوەیە کە تەنیا لەگەڵ شاشەی 17 ئینجی کار دەکات.



# رۆبۆتە بچووکەکە گشت شاشەیەک خاوێن دەکاتەوە



تەکنەلۆژیای نوێ گەیشـــتۆتە ئەو رادەیەی کە مرۆڤ ئامادە نییە شاشەی تەلەڤزیۆن یان کۆمپیوتەر و تەبلێـــت و مۆبایل بۆخۆی خاوێـــن بکاتەوەو ئەو ئەرکەش بە ئامێرێکی دیجیتالی نوێ بسپێرێ.

گـــەر تاقەتت نییە تەنانەت شاشـــەی مۆبایل یان لاپتۆپەکەشـــت بۆخۆت خاوێن بکەیەوە، بیســـپێرە بە رۆبۆتێکـــی بچووک کە بە AutoMee S ناســـراوە و بەرهەمی کۆمپانیـــای takara tomy یە، کۆمپانیای ناوبراو کە کارەکانی لە بەرهەمهێنانی گەسکی کارەباییدا چڕ کردۆتەوە، ئەرکی رۆبۆتەکە خاوێن کردنەوەی شاشەیە جا هەر شاشـــەیەك بێت، رۆبۆتەکە هەرچی تۆز و خۆڵ و چەوری و لەکەی لەسەر شاشەکان بەجۆرێك دەسڕێتەوە کە وەك تازە لە کۆمپانیا هاتبێتە دەر.

کێشی گەجێتێکە تەنیا 82 گرامە، باتری کاتژمێری دەخرێتە ســـەر. بۆ چەند مانگێك پێویستی بە باترییەك دەبێت. گەر تۆش یەکێکـــی لەوانەی کە تاقەتی خاوێن کردنەوەی شاشـــەی لاپتۆپەکەت نییە ئـــەو رۆبۆتە کە نرخەکەی تەنیا 17 دۆلارە بیکڕە!! بەڵام سەیرە تەمبەڵیی مـــرۆڤ گەیشـــتۆتە ئەو رادەیـــەی کە ئامـــادە نەبێت کلینێکسیش بە شاشەکەی دابهێنێت.

## بڵندگۆش لوول دەدرێت و دەنووشتێتەوە

کۆمپانیـــای فۆجـــی فیلـــم کە کۆمپانیایەکی ژاپۆنییە مێژووییەکی لەمێژینـــەی هەیـــە لـــە بـــواری بەرهەمهێنانـــی کامێـــرادا، بەدوای بەرهەمهاتنـــی کامێـــرای دیجیتالی کۆمپانیای ناوبراو کامێرای دیجیتالی بەرهەم دێنێت، بەڵام لەم ماوەیەدا دوور لە چاوەڕوانی خەریکی بەرهەمهێنانی بڵندگۆ واتە سپیکەرە، یەك سپیکەری کۆمپانیـــای ناوبـــراو، بڵندگۆیەکـــە کە وەك کاغەز دەنووشـــتێتەوە و لوول دەدرێت.

ســـتایل و دیزاینـــی ســـپیکەری کۆمپانیـــای ناوبـــراو لـــە فیلمـــی کامێـــرای فۆتۆگرافـــی دەچێـــت، بڵندگۆکە دەکرێت بنووشترێتەوە و لوول بدرێت، کۆمپانیاکانـــی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای دیجیتالـــی نیازیانە لە داهاتوودا ئەو ئامێرانـــە بەرهەم بێنن کە بکرێـــت کەمتر جێ بگـــرن و بە ئاسانترین جۆریش هەڵبگیرێن.



## گڵۆپی خوێندنەوە مۆبایلیش شەحن دەکاتەوە



ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی ســـەردەم هەر ئەوە نین کە تەنیـــا یەك ئەرك ئەنجام بدەن، بگرە هەر ئامێرێك لەم ســـەردەمەدا ســـەیری بکەیت چەندین ئـــەرك ئەنجام دەدات، بۆ نموونە هاندی مۆبایلەکەت کە هەم ئەرکی کامێرا و هەم ئەرکی کۆمپیوتەر و هەم ئەرکی پەیوەندییـــەکان ئەنجام دەدات.. هەروەها ئەو گڵۆپی خوێندنەوەیە کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن کـــە جگە لە رووناکی چەنـــد ئەرکێکی دیکەش ئەنجام دەدات، یەکێك لـــە ئەرکەکانی ئەوەیە شەحنکردنەوەی مۆبایل و کامێرا و ئامێرە دیجیتالییەکانی دیکەیە.

گڵۆپی رووناکی Satechi سەرەڕای ئەوەی کە مۆبایل شەحن دەکاتەوە دەتوانێت لەکاتی دیاریکراودا مۆبایلەکەش بکوژێنێتەوە. گڵۆپەکە رووناکییەکەی بۆ چەند مەبەســـتێك سوودی لێوەردەگیرێت، بۆ خوێندنەوەی دەق رووناکییەکەی مام ناوەندییە. بۆ خوێندنەوەی ئاســـایش رووناکییەکەی لەسەرەوەیە، بۆ کاتی نووستنیش رووناکییەکی کەم و ئارامی هەیە.

# گوگڵ لاپتۆپی پیکسێل بەرهەم دێنێت

کۆمپانیـــای گوگڵ بۆ ئەوانەی تەنانەت یەك رۆژیش ســەریان لە ئینتەرنێت دابێ ناوێکی نامۆ نییە، گوگڵ گەورەترین سایتی دۆزینەوە و بە دواداگەڕانە، لەم دواییەدا کۆمپانیـــای ناوبـــراو ئەرکەکانی هەر بە ســـایتەکەیە و خزمەتگوزاری جیهانی مەجازی تەرخان نەکردووە، بەڵکو هەوڵیداوە ئۆتۆمبێلی بێ شۆفێر و چاویلکەی ئەنتەرنێت و لاپتـــۆپ بەرهەم بێنێت، نوێترین لاپتۆپی گوگڵ ناوی Pixelە و تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

شاشەکەی نزیکەی 13 ئینجە، کوالیتی نیشاندانی زۆر لەســـەرێییەو و تەنانەت سەرووی فول ئیچ دیشە، شاشەکە تـــەواو لەمســـییە، هەربۆیە لەگەڵ وینـــدۆز 8 بەتەواوی دەگونجێت، جگە لەوەش پرۆسیســـەرێکی دووانەی Core i5ی هەیـــە، رامەکەی 4 گیگابایتە و لـــە بری هارد لە میمـــۆری SSD بە توانای 32 هەتا 64 گیگابایت ســـوود وەردەگرێت، هەرچەندە ئەوەندە شوێنە بۆ هەڵگرتنی داتاکان کەمـــە، هەربۆیە گوگڵ 1 ترابایت هـــاردی مەجازی لە



## سایتێک بۆ گۆڕینی PDF بـۆ word

شارەزایانی بواری کۆمپیوتەر دەزانن کە فۆرماتی PDF ئـــەو فۆرماتەیە کە بۆ خوێندنـــەوەی دەقەکان بەتایبەتی کتێب و رۆژنامەکان لەســـەر ئینتەرنێت و هەروەها بۆ چاپکردنی گۆڤارەکان لە چاپخانەکاندا سوودی زۆری لێدەبینندرێ، PDF ئـــەو ئیمکانییەتـــەی هەیە کە ئەگەر کەسێك لە هەر شوێنێکی جیهان بێـــت و کۆمپیوتەرەکـــەی ئەو فۆنتەی فایلەکـــەی پێ نووســـراوە لەســـەری نەبێـــت، دەتوانێت بـــێ گرفت فایلەکان بخوێنێتەوە. هەربۆیـــە زۆربەی زۆری رۆژنامەکانی جیهان دەکرێن بە PDF، چونکە هەم قـــەوارەی فایلەکان بچووك دەبێتەوە و بـــۆ خوێندنەوەی بێ گرفت تـــرن. گۆڕینی فایلـــەکان بۆ PDF ئاسانە، بەڵام پێچەوانەکەی پێویستی بە پرۆگرامی تایبەت هەیە. سایتێك هەیە کە ئەرکی گۆڕینی فایلەکانی PDF بۆ word بەبێ گرفت ئەنجام دەدات، http://www.convertpdfto-word.net ئەدرەسی سایتەکەیە. لەو سایتەدا دەتوانن بێ گرفت فایلەکانتان لـــە PDFەوە بگۆڕن بۆ فایلی دەق و دەستکاری تێدا بکەن.

# ئامێرە تەکنەلۆژییە دیجیتالییەکان لەمەولا تەڕ نابن!

لە زۆرکەســـتان بیستووە یان خۆشتان تووشی ئەوە بوونە کە مۆبایلێکتان بە نرخێکی زۆر کڕیوە بەڵام بە هەر هۆیەك بێت کەوتۆتە ناو ئاوەوە یان چایی بەسەردا رژاوەو مۆبایلەکە یان سووتاوە یان چەند پارچەیەکی لە کارکەوتوون.

لەمساڵدا توێژەرەوانی تەکنەلۆژی سەردەم توانیان مادەیەك لە تەکنەلۆژیای نانۆ بەرهەم بێنن کە بە Drywired ناسراوە و ئەو مادەیە دەبێتە بەرگێك بۆ ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی وەك مۆبایل و کامێرای دیجیتالی و تەبلێت و ...تاد. بەهۆیەوە دەکرێـــت مۆبایلەکەت لەگەڵ خۆت ببەی بۆ مەلەوانگە و لە ناو ئاودا وەڵامی پەیوەندییەکانتان بدەنەوە.





خزمەتگوزاریی گوگڵ درایڤدا بۆ ماوەی 3 ســاڵ دەخاتە خزمەت بەکارهێنەرانی.

لاپتۆپی پیکسیل ســێ مایکرۆفۆنی لەسەرە، یەکێکیان لە ژێر تەختــەی دوگمەکاندایە و ئەو دەنگی چرتە چرتی ئەو دوگمانەی لەکاتی چاتکردندا دادەگیرێن لادەبات، کامێرای پیکســێل جۆری HDیە و لەگەڵ پادێکی شووشەیی. باتری لاپتۆپی ناوبراو هەتا 5 کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسـێت سیسـتەمی ئەندرۆیـد ( A-droid) چییە؟ لەسەر مۆبایلە هۆشـمەندەکان دەبینم هەر باسی سیستەمی ئەندرۆید دەکرێت؟

خوێنەری بەڕێز سیسـتەمی ئەندرۆید، بەم سیستەمە دەگوترێت کە زیاتـر لـە 30 کۆمپانیای بەرهەمهێنی مۆبایلی هۆشـمەند واتە ژیرۆك لەسەری ڕێککەوتوون کە پرۆگرامەکان بەم سیسـتەمە بەرهەم بێنن. سیستەمی ئەندرۆید سیسـتەمێکی کۆد کـراوە واتە open code بەهۆیەوە گشت پرۆگـرام نووسـێك دەتوانێت بۆ ئەو سیسـتەمە پرۆگرامی نوێ، گەمەی نـوێ بەرهـەم بێنێ. گشـت پرۆگرامەکانی ئەندرۆید بۆ یەکتر دەگونجێـن، بۆ نموونە ئەگەر مۆبایلەکـەت لە جۆری سامسـۆنگ بێت، بە سیستەمی ئەندرۆید، لە مۆبایلی سـۆنی و نۆکیـای سیسـتەمی ئەندرۆید پرۆگرامەکانـی دەخوێندرێنەوە و گرفتیان نییە.

# پرینتەرێکی تایبەت بە مۆبایل

مۆبایلە هۆشمەندەکان کە جێگرەوەیەکی باشی کامێرای دیجیتاڵین و لە هەر کات و سـاتێکدا حەز بکەی دەتوانێت بە ویسـتی خۆت وێنە بگری، قەت بیـرت لەوەکردۆتەوە کە خۆزگە دەکرا وێنەکان بـەو خێراییەی دەگیردرێن، بەو خێراییەش چاپ کرابان و خرابانە سـەرکاغەز، کۆمپانیای LG ئەو خۆزگەیەکی هێناوەتە دی. ئامێری Pocket photo کە لە پێشانگای سـاڵانەی CES ئەم ساڵدا نیشاندرا ئەو پرینتەرەیە کە دەکرێت لە گیرفان بخر یت ، و پرینتەرێکـی تایبەتە بـە مۆبایل و سێ رەنگی پەمەیی، رەساسی و نارنجی هەیە.

درێژایی پرێنتەرەکە 12 سـمە، پانتاییەکەشـی 7 سم و بەرزییەکەشـی دەگاتە 2.3 سم، بۆ ناردنی وێنەکان بۆ سەر پرێنتەرەکە پێویسـت ناکات میمۆرییەکەی دەربێنی دەکرێت لە رێگای سیسـتەمی وایەرلەیسـی بلوتـوس و هەروەها سیستەمی NFC سوود وەربگریت. هەرچەندە پرۆگرامێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە دەخرێتە سەر مۆبایلە هۆشمەندەکان بەهۆی پرۆگرامەکەوە دەکرێت وێنە گیراوەکان دەسـتکاری بکەی و پاشـان بۆ چاپکردن بینێـری. پرینتەرەکە هیچ حیبرێکی پێویست نییە و هیچ تۆنەرێکی حیبری تێدا نییە، بەڵکو ئەو کاغەزەی وێنەکەی لەسەر چاپ دەکرێت تایبەتە و لە جۆری (زینك)ە. کارکردی کاغەزەکە بەم شـێوەیە کە بەهۆی پرێنتەرەکە کریستالەکانی ناو کاغەزەکە گەرم دادێن و رەنگیان دەگۆڕدرێت.

